# ٢٩ ـ شەپلە قونانی

ئەم یاری‌یە لە بەینی شــەش منداڵ ئەکرێ لە تەمەنی (٦ ـ ١٢) ساڵی‌دا . دوو منداڵ لە سەر زەوی لە سەرگازی پشت درێژ ئەبن ، چوار منداڵەکەی تریش هــەر بە دووان یەکێك لە منداڵە درێژ بووەکان هەڵ ئەگرن ، هەر یەکێکیان بە هەر دوو دەستەکانی پێ‌بەکو دەستێکی درێژبووەکە ئەگرێ‌و لە زەوی بەرزیان ئەکەنەوەو وەکوو جۆلانە بۆ پاش‌و پێش ئەیان هـەژێننەوە وەکو مەشکەی دۆ ، لە پڕ قوونی هەردووکیان لە یەك ئەدەن‌و هاواریان پێ ئەخەن بەم چەشنە چەندجارێك لە ئاسمانەوە قوونی هەردووکیان لە یەك ئەدەن لە گەڵ هەژاندنەوەکەدا . چەندی ئەم دوو منداڵە هەوڵ ئەدەن لە دەستی چوار منداڵەکەی‌تر رزگار نابن ، هەتا هەردووکیان دەس بە گریان ئەکەن یا یەکیان ئەگرییت لە بەر ئازاری لەشیان کە بەم جۆرە لە یەکیان ئەدەن ئەمجا بەریان ئەدەن‌و لە چنگیانا رزگار ئەبن .